فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان دەنماییدا بە دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی و ڕاهێنان بە کاری هەواگری



"محمد شیاع سودانی " سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی هەواگری نیشتیمانی کرد و کۆمەک مەڵەفی ئەمنی و تەوەری پەیوەندیدار بە کاری هەواگری وەدەنماییدا بە دامەزراندنی ئەکادیمیای زانستی و ڕاهێنان بە کاری هەواگری.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران، لە بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاند :- لە کۆبوونەوەیەکدا دوایین پێشهات و کاری ئەمنی و هەواگری خرایەروو، بەپێی ئەو بەرپرسیارێتیەی کە دابەشکراوە،هاوکات سەرۆک وەزیران گوێی لە هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنە بوو بە ئامادەیی و جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریە ئەمنی و هەواگریەکان، و ئەو ئەرکانەی کە لە ئێستەی دەگرن و پەیوەندیدارە بە ئاسایشی عێراق و سەلامەتی خاکەکەی، هەروەها گفتوگۆکران لەسەر نەخشەی کاری ئەمنی لە بواری دەوشوێنی پێشوەختە، و ئەو پلانانەی پێشوەختە ئامادە دەکرێن بە هەوبەدەوبوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ئەمنی یان پێشهاتێکی لەوبارەوە.

هەر بەپێی بەیاننامەکە: لەمیانی کۆبونەوەکە "سودانی" جەختی لە گرنگی هاوکاری نزیک لە نێوان دەزگاکانی ئاسایش و هەواگری کردەوە لە بەدەستهێنانی مەڵەفی زانیاریەکان بە شێوەیەکی گونجاو وەک یەک تیم و دابەشکردنی کاری هەواگری لەنێوانیان، هەروەک تێکیدی لەسەر دەنیابوون لە پەداویستیەکان کردەوە بە دانانی سیاستی گشتی لە کاری هەواگریدا، و نوێکردنەوەیان بەپێی دوایین

تەکنیکی بوارەکە.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :- سودانی باسی لە گرنگی بەدواداچوون بۆ گروپە تیرۆریست و تووندڕەوەکان کرد، هەروەها چاودێری هەر جوڵانەوە و چالاکیەک کە ئاشتی کۆمەڵایەتی بکاتە ئامانج، بەتایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنانەی کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بەدەست هاتوون، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە لە ئێفلیج پێکردنی ئەو باندانە.